نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ محسن مەندەلاوی کۆدەبێتەوە

لەدرێژەی دیدار و کۆبوونەوەکانیدا لە بەغدا، ئەمڕۆ یەکشەممە" نێچیرڤان بارزانی" سەرۆکی هەرێمی کوردستان،لە بەغدا لەگەڵ "محسن مەندەلاوی" جێگری یەکەمی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کۆبووەوە.

لەڕاگەیەندراوێکی سەرکایەتی هەرێمدا هاتووە :- لە کۆبوونەوەکەدا دۆخی سیاسی و ئەمنی و ئابووری سەرکایەتیی ئەنجومەنی نوێنەران لە چارەسەرکردنی کێشەکانی وڵاتدا، بەتایبەتی کێشەکانی (هەولێر و بەغدا) و پرسەی هەڵبژاردنی سەرۆکی نوێی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیان تاوتوێ کرد.

وەک ڕاگەیەندراوەکە ئاماژەی پێداوە :- لە کۆبوونەوەکەدا هەردوولا جەختیان لەوە کردەوە کە ئارامی و سەقامگیریی عێراق پێکەوە بەستراوەتەوە و تێکچوونی سەقامگیریی هەر بەشێکی عێراق، کاریگەری لەسەر ئارامی و سەقامگیریی تەواوی وڵات هەیە، بۆیە دەبێ هەمووان لە عێراق کار بکەن بۆ پاراستنی ئارامی و سەقامگیری.